

# ئەو ڕۆژانەی ...شاڵاو علي

ئەورۆژانەی کە دەتبینم
هەر وەرزێ بێ لام بەهارە
هەرچی ژانی دڵم هەیە
بە دیتنت بێ ئازارە

ئەوساتانەی تۆ دێیتە لام
تەنها چاوم تۆ دەبینێ
هەموو خەم وئازارێکم
بەدیتنی تۆ نامینێ

کاتێ چاوم پێت دەکەوێ
گیانم دەفڕێ بۆ ئاسمان
ئیتر هەرگیز دڵ نایەوێ
دووبارە بێ لێک دابڕان

گوڵم وەرە با بتبینم
نەکەی ڕۆژێ دوور کەوی لێم
ئیتر من بێ سەرو شوێنم
بێ تۆ دەشت وکێوانە جێم ..